# پێوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت- عێراق لە ماوی جەنگی دووەمی کەنداودا (١٩٩٠-١٩٩١)

## توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە

**پ.ی.د/کەمال عەلی محەممەد، مامۆستا\هەستیار محەممەد عەلی سەید محەممەد [١]**

١ زانکۆی سلێمانی,کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان,بەشی مێژوو
Hastyar.ali@univsul.edu.iq

**الملخص البحث**

العلاقة بين الاتحاد السـوفياتى و العراق بين السـنوات ١٩٩٠-١٩٩١ موضـوع بحثنا هڑا , نضـرا لاهمية تلك الفترة من التاريخ العراق و علاقاتها مع الســوفيات التى تزامن مع ضـهور بوادر الضــعف و الانحلال الاتحاد الســوفياتى والغزو العراقى لدولة الكويت , فى تلك السنوات كانت السياسةالخارجية السوفياتية و تاثيراتها تنكمش وتصبح محدوده , و جمهوريتها تسـتقل واحدة تل و الاخرى , والنضـام الاشـتراكى تنهار فى اوروبا انفسـها الاخيرة . حينما قامت الحكومة العراقية بتحشــيد جيشــها على الحدود مع الكويت و غزتها , فما كان من الســوفيات الا ان قامو بتحذير العراق من مواقف تلك الحرب ولم يقوموا بمعاونة العراق فى حملته رغم العلاقات التاريخية بين الدولتين ,ولكن بالرغم فى عدم معاونة العراق , فى نفس الوقت لم يشـاركوا بارسـال القوات العسـكرية السـوفياتية للتعاون مع امريكا و حلفائها لافراج العراق من الكويت .

وقد قسمنا بحثنا هذا مبحث :

المبحث الاول : عنوان بحثنا هڑا (انحلال اتحاد الســوفياتى ١٩٩٠□ ١٩٩١) وقد تحدثنا فيه عن نهايه تلك الدوله و انهيارها كدوله عظمى تنافس الولايات المتحده الامريكيه على كافه الاصــعده انذاك , اســتقلال جمهوريات و انهيار الشيوعية فى اوروبا الشرقية .

المبحث الثانى :خصــصــنا هذا المبحث لتحدث عن موقف الســوفيات من الحرب الخليج الثانية و الحشــد الدولى لاخراج العراق فى الكويت بقيادة الامريكان.

**Abstract**

The relationship between the Soviet Union and Iraq between the years 1990-1991 is the subject of this research, given the importance of the period of history of Iraq and their relations with the Soviets, which coincided with the emergence of signs of weakness and disintegration of the Soviet Union and the Iraqi invasion of Kuwait, in those years the Soviet foreign policy and its effects shrank and become And its republic is riding one hill and the other, and the socialist system is collapsing in Europe itself. When the Iraqi government mobilized its army on the border with Kuwait and invaded it, the Soviets only warned Iraq of the positions of that war and did not help Iraq in its campaign despite the historical relations between the two countries, but in spite of the failure of Iraq, at the

same time did not participate By sending Soviet military forces to cooperate with the United States and its allies to release Iraq from Kuwait.

We have divided this research topic:

The first topic: the title of this research (the dissolution of the Soviet Union 1990-1991), in which we talked about the end of that state and its collapse as a superpower competing with the United States of America at all levels, the independence of the republics and the collapse of communism in Eastern Europe.

The second topic: we devoted this subject to talk about the position of the Soviets of the Second Gulf War and the international crowd to bring Iraq out in Kuwait led by the Americans.

**پێشەکی :**

پەیوەندی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و عێراق لە ماوەی سالآنی ١٩٩٠-١٩٩١ دا , بابەتی ئەم توێژینەوەیەمان کە باس لە ماوەو سەردەمێکی گرنگی مێژووی عێراق و پەیوەندییەکانی دەکات لەگەڵ سۆڤیەتدا کە هاوکات بوو لەگەڵ لاوازبوون و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و پەلاماری عێراق بۆ سەر کوێت , کە ئەو ساڵە تا دەهات کاریگەری سیاسەتی دەرەکی سۆڤیەت بەرەو لاوازی دەچوو , کۆمارەکانی سەر بەو زلهێزە یەك لە دوای یەك جیابوونەوەیان ڕاگەیاند , سیستەمی سۆسیالستی لە زۆرینەی وولاتانی ئەوروپای خۆرهەلاتدا ڕووخا , و جەنگی سارد لە دووا مانگەکانیدا بوو .

لەم ڕۆژگارەدا عێراق هێزی لە سنورەکانی کوێت مۆڵدا و هێرشی کردە سەر ئەو دەوڵەتە , یەکێتی سۆڤیەت وەك دۆستێکی مێژینەی عێراق هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری کردەوە کە ئاکامی ئەو جەنگە بە زیانی عێراق دەشکێتەوە , لە بواری سەربازیدا هیچ هاوکاریەکی جەنگی پێشکەشی عێراق نەکرد , بەڵام لەسەرو بەندی لەشکرکێشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکان بۆ سەر عێراق سۆڤیەت هیچ هێزێکەی سەربازی نەنارد ئەو دەوڵەتانە بەمەستی وەدەرنانی عێراق لە کوێت , بەڵام هەڵوێستی لە دژی هێرشی عێراق بۆ سەر کوێت بە ئاشکرا ڕاگەیاند .

تویژینەوەکەمان لە یەك بەش پێکهاتووە ودواتر داشکراوە بەسەر دوو باسدا:

بەشی یەکەم :پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت_عێراق لە ماوەیجەنگی دووەمی کەنداودا (١٩٩٠-١٩٩١) :

باسی یەکەم :لاوازی و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ماوەیجەنگی دووەمی کەنداودا (١٩٩٠-١٩٩١) :

لەم باسەدا تیشکمان خستۆتە سەر لاوازی ئەو دەوڵەتەو سنوردار بوونی کاریگەری سیاسەتی دەرەوی سۆڤیەت , هاوکات سەربەخۆبوونی کۆمارەکانی ئەو دەوڵەتە و ڕووخانی سیستەمی سۆسیالیستی لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات .

باسی دووەم :

هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر عێراق لە جەنگی دووەمی کەنداودا(١٩٩٠-١٩٩١) :

لێرەدا پەلاماری عێراق بۆ سەر کوێت و داگیرکردنی و هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان بۆ سەر عێراق خراوەتە ڕوو, بەڵام هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت لەم جەنگەدا زۆرتر شیکراوەتەوە .

**بەشی یەکەم :پەیوەندییەکانی یەکێتی سۆڤیەت_عێراق لە ماوەی جەنگی دووەمی کەنداودا (١٩٩٠-١٩٩١) :**

**باسی یەکەم :لاوازی و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ماوەی جەنگی دووەمی کەنداودا (١٩٩٠-١٩٩١) :**

جەنگی دووەمی کەنداو دیارترین ڕووداوبوو کە لە عێراقدا ڕوویدا لەماوەی ســاڵانی (١٩٨٩- ١٩٩١) دا لەو جەنگەدا دەوڵەتی یەکێتی ســۆڤیەت هاووپەیمانێتییەکی دیار و مێژینەی عێراق بوو [١]، بەڵام لە کۆتایی هەشـتاکانی ســەدەی ڕابردوودا سۆڤیەت سەرقاڵی گۆڕینی سیستەمی سیاسی دەوڵەتەکەی بوو لە سۆسیالیزمەوە بۆ سیستەمێکی نوێی دیموکراتی ڕۆژئاوایی بەتایبەت لەلایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشی بازاڕدا [٢]، لە ماوەی حوکمڕانی گۆرباچۆڤدا (١٩٨٥- ١٩٩١)[٣] سـیاسـەتی سـۆڤیەت خۆ دوورخسـتنەوە بوولە جەنگ و ململانێ و بەربەرەکانی , ئەو سـەردەمە زیاتر گرنگی بە ناوخۆی وڵات دەدرا و لە هەوڵدا بوون بۆ هەڵوەشـــانەوەی بنەماکانی کۆمۆنیزم لە یەکێتی ســـۆڤیەتدا , پایەکانی سیستەمی سۆسیالیستی هەڵوەشێندرایەوەو کار لەسەر بیر و ئایدیایەکی نوێ دەکرا [٤].

گۆرباچۆڤ کاری لەسـەر هەردوو چەمکی (پیرۆسـتریکا و گلاسـنۆسـت ) (سـەرلەنوێ بنیاتنانەوە) (کرانەوە) و بیری نوێ دەکرد,ئامانجی بوو ڕیفۆرمێکی بنەڕەتی لە ســیســتەمی ئابووری ســۆڤیەتدا بکات , گۆرباچۆڤ ئامانجی بوو ڕیفۆرمێکی بنەڕەتی لە سیستەمی ئابووری سۆڤیەتدا بکرێت سەبارەت بە گلاسنوست مەبەستی دوورکەوتنەوە بوو لە بیرو باوەڕە کۆنەکان کە لەڕابردوودا کاری پێکرابوو ، بۆیە بڕیاریدا لە سیستەمی سۆڤیەتدا پەیڕەوی لە دیموکراتی و ســەربەخۆیی بکرێت ، لەبەرئەوە گۆرباچۆڤ بە ســەرکردەیەکی ڕیفۆرمخواز ناوزەند کرا ، هەروەها ســتراتیژی ســـۆڤیەت بریتی بوو لە دوورکەوتنەوە لە ململانێ و جەنگ و جەختکردنەوە لەســـەر بەرقەرار کردنی ئاشـــتی کە پێچەوانەی سـیاسـەت و میکانیزمی کاری برژنێف بوو ، دەیویسـت مەسـەلەی سـەربەخۆ بوونی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت بە شێوازی ئاشتیانە بێت[٥]، پاشان ئەو داهاتەی سۆڤیەت لە بەرهەمی نەوت و گاز بەدەستهێندرا لە ناوخۆی وڵاتـدا خەرجکرا [٦]، واتە گۆرباـچۆف زیـاتر گرنگی بە ڕێکخســـتنەوەی بواری ئـابووریـدا بە پێچەوانەی ســـەردەمی حوکمڕانی برژنیف کە زیاتر گرنگی بە بواری سـەربازی دەدرا [٧] , لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە یەکێتی سـۆڤیەت نزیکەی نیو سـەدە لەسـەر ئاسـتی جیهان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی دی ، واتە لەسـەردەمی گۆرباچۆڤدا[٨] لە هەندێك جێگە کۆتایی بە سیستمی سۆسیالیزم هات و تەنانەت کۆمارەکانی سۆڤیەتیش هەڵوەشایەوە ، لە کۆتایی هەشتاکانەوە تا ساڵی ١٩٩١ لە چەندین دەوڵەت سیستمی سۆسیالیزم کۆتایی هات. هەندێك دەوڵەت بە شێوازێکی ئاشتی و لەهەندێك

---

1 Geoffry Roberts: The soviet union in world politics , coexistence, revolution ,and cold war ,1945-1991,new York,1999, p. 102

2 Ibid: p. 91.

٣ لەدوای ئەوەی گۆرباچۆڤ لە سەرۆکایەتی نەما یالتسین (Yeltsin) (1991 -1990) بووە فەرمانڕەوای ڕووسیا، و زیاتر گرنگی بە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا دەدا بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و عێراق بەتایبەتی. Aslihm Anlar: Russian Foreing policy Toward Iraq in the Post- cold war, Ap, 2006)

4 Geoffrey Roberts: op. Cit, p.89

5 Ibid: p. 90, V

6 Ross Georgy : Cold war America 1946 to 1990 ,U.S.A,2005, P. 18

٧ National Intelligence Estmate: soviet policy toward Eastern Europe under Gorbachev, Max, 1888; F. Stephen Larrabee: the New Soviet Approach to Europe, A.P.S, 5/1/2012; Francis Fakuyama: Gorbachev and the New Soviet Agenda in the Third world, U.S.A, June, 1989, p. viii.

٨ یەکێتی سۆڤیەت پەیوەندی لەگەڵ ئێراندا بەهێز بوو لە ساڵی ١٩٨٩ دا گۆرباچۆڤ پەیمانی لەگەڵ ئێراندا بەست کە ساڵانە بە نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن دۆلار چەك بە ئێران بفرۆشێت کە ئەمەش ٨٥٪ ی هاوردەی ئێران پێکدەهێنێت لە ڕووسیا بەو واتایەی ٨٥٪ ی هاوردەی ئێران لە ڕووسیاوە چەك بوو.

(Stephen Blank: Russia And The Gulf, P. 1)

دەوڵەت و ناوچە بەهۆی جەنگی ناوخۆ و بەکارهێنانی توندوتیژی لەناوبردنی بە کۆمەڵ روویدا ، بەمجۆرە ئەو سۆڤیەتەی لەدوای سەرکەوتنەکانی سوپای سور لە ١٩٤٥ کە ئەڵمانیا و نیوەی ئەوروپای لە سەردەمی ستالیندا داگیرکرد و کە دواتر ببوونە بەشێك لە سەربازگەی سۆسیالیزم و هاوپەیمانی یەکێتی سۆڤیەت ، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ماوەی نیو سەدە رۆڵێکی بەرچاوو یەك لاکەرەوە لە سیاسەتی جیهاندا بگێرێت [٩]، بەڵام وەك ئاماژەمان پێکرد لە کۆتایی دەیەی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا سەربازگەی سۆسیالیزم و وڵاتانی کۆمۆنیست بەرەو کۆتاییهاتن دەچوون [١٠].

لەساڵی ١٩٩١ دا بەشێك لە کۆمارەکانی سۆڤیەت داوای سەربەخۆییان کرد[١١] ، هەندێکیان سەربەخۆییان راگەیاند[١٢] ، دەستبەرداری دەسەڵات بوون لە (رۆژهەڵاتی ئەوروپا) [١٣],تەنانەت یەکێتی سۆڤیەت لە هاوپەیمانی کۆمیکۆنیشدا دووچاری گرفت ببوو . لە راستیدا ئەو هاوپەیمانێتیە بەو ئامانجە دروست ببوو کە پەیوەندی و بواری ئابووری و کاروباری بازرگانی لەنێوان وولاتانی ئەندام رێکبخات و هاوسەنگی لەگەڵ جیهانی رۆژئاوادا دروست بکەن، بەڵام لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٠ دا سەرکردەکانی کۆمیکۆن لە سۆفیای پایتەختی بولگاریا کۆبوونەوە بۆئەوەی گرنگی کۆمیکۆن لەدەست نەدەن، لە بواری ئابووریدا شکست نەهێنن و لەسەر بریاریاندا کە نەوت بە چ دراوێك بفرۆشن بۆ یەکێتی سۆڤیەت باشە بە دۆلار یان شتێکی دی [١٤], لە ساڵی ١٩٩٢ دا حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە کۆبوونەوەیەکدا بریاریدا دەستبەرداری دەسەڵات بێت [١٥], هەروەها سەبارەت بە دارشتنەوەی پەیکەری سیاسی پارتی کۆمۆنیست دووا ، پاشان بەپێی کۆنگرەی نوێنەرانی گەل (پەرلەمانی سۆڤیەتی)لە خولێکی نائاسایدا بریاری دانانی سەرۆکی بۆ یەکێتی سۆڤیەت دا و بەپێی ماددەی (٦ و ٧) سنور و توانای پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی دیاریکرا ، سەرۆك وەزیران( نیکۆلا دیمکیۆف ) و وەزیری ناوخۆ (فادیم باتالین) هاوشانی میخائیل گۆرباچۆڤ خۆیان پاڵاوت بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت ، داوای پارێزگاریان لە یەکێتی سۆڤیەت کرد لەژێر سێبەری فیدرالێکی نوێدا [١٦].

هەروەها وەزارەتی بەرگری سۆڤیەتیش بەرنامەیەکی ئامادەکرد بۆ کەمکردنەوەی هەموو جۆرەهێزو بووارێکی چەکداری لە سۆڤیەت و بریار بوو کە لەماوەی دوو ساڵی داهاتوودا لە سەرجەم هێزەکانی ئاسمانی و دەریایی و ووشکانی جێبەجێ بکرێت ، بەپێی بەرنامەکە نابێت رێژەی جەنەراڵەکان (١٪) زیاتریی لە نێو ئەفسەرانی سوپادا ، ژمارە ئەکادیمیای سوپای کەمبکرێتەوە بۆ دوانزە ئەکادیمیا[١٧], لە ٦ ی نۆڤەمبەری ١٩٩١ دا دەزگای هەواڵگری سۆڤیەتی (KGB )( komitet gosudors tvennoy . bezo pasnosti) , شێوازێکی نوێ لەژێر ناوێکی تردا دەزگای هەواڵگری رووسیای یەکگرتوو کاری کرد کە ناویان ( fedral security service of Russian federation (F.S.B), foreign

9 Geoffrey Roberts: op. Cit, p. 1-2.

١٠ سەبارەت بە سیاسەتی گۆرباچۆڤ بەرامبەر رۆژهەڵاتی ئەوروپا بڕوانەسەرچاوەی(National Intelligence Estmate:op.cit)

11 John Swift : The palagve concise historical atlasian the cold war, P. 46-47 8

12 Ross Georgy: Ibid, P. 37

١٣ هەرچەندە بەپێی دۆکترینی برژنێف دەبوو هێز بەکاربهێندرێت بۆمانەوەی سۆسیالیزم لە رۆژهەڵاتی ئەوروپا، بەڵام رێکخراوی وارشۆ هێزی لە دژیان بەکار نەهێنا بۆ مانەوەی دەسەڵاتی سۆسیالیزم و ئەم رێکخراوە لەبەردەم قەیرانێکی خراپ و لاوازدا بوو.( Ross Georgy: Ibid, P. 87).

١٤ رۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١١٥٧، ٥ شەمە، ١٩٩٠/٣/٧.

١٥ رۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١١٥٠، ٢ شەمە، ١٩٩٠/٢/٥.

١٦ رۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١١٦٢، ٥ شەمە، ١٩٩٠/٣/١١.

١٧ رۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١١٩٢، ٥ شەمە، ١٩٩٠/٧/١٢.

(intelligenceservice (CSVR [18]) , واتە لەماوەی سـاڵانی (١٩٨٩- ١٩٩١) گۆڕانکاری زۆر گەورە لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا وە تا ناو یەکێتی سـۆڤیەت ڕوویدا، لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا گرنگترینیان لە تشـرینی دووەمی ١٩٨٩ دا ڕوویدا [19],ئەویش ڕوخانی دیواری بەرلین بوو [20], دواتر لە سـاڵی ١٩٩٠دا هەردوو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یەکیان گرتەوە [21], لەژێر سایەی سیاسەتی ئەمریکادالە سەردەمی جۆرج بۆشی باوکدا بوو[22] ، لە ساڵی ١٩٨٩ دا لە هۆڵێکی ڕۆژهەڵاتی بەرلین لە یادی دامەزراندنی کۆماردا ئاوازدانەری گەورە لیۆناردۆبێرنسـتین ئاماژەی بۆ ڕسـتەی چوارەمی بەشـی نۆیەمی ئاوازی بتهۆڤن کرد بەو ئامانجەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا پێکەوە ئازاد و سـەربەخۆن [23]، ڕوخانی دیواری بەرلین (١٩٦١- ١٩٨٩) کۆتایی بە سـیسـتەمی سـۆسـیالیزم لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا هێنا , ئەم هۆنراوە و ئاوازە تا ئەمڕۆ وەکو دروشمێك [24]و سرودێکی پەرلەمانی ئەوروپا بەکاردەهێندرێت [25].

هاوپەیمانی وارشـۆ [26]و ئەنجومەنی هاوکاری ئاڵوگۆڕی ئابووری (Councilfar Mutual Economic Assistance (CMEA)) هەڵوەشایەوە [27]، سیستەمی سۆسیالیزم لە چەندین وڵات کۆتایی هات لەوانە بولگاریا ، چیکۆسلۆڤاکیا ، هەنگاریا ، پۆڵەندە ، ڕۆمانیا ، مۆڵداڤیا ، ئۆکراینا ، لاتیڤیا ، ئیسـتونیا و لیتوانیا بەمجۆرە یەکێتی سـۆڤیەت

---

18 John Swift: Op. Cit, P. 34, HTTPS, marefa.orgالمعريفة المخابرات السوفيتية ;

19 Geoffrey Roberts: op. Cit, p. 90-91.

٢٠ بۆ زانیاری زیاتر :( John Swift : The palagve concise historical atlasian the cold war)

21 The National Archives: Mops in Time from 1900- 2003, U.K, P. 40- 41.

22 AtlastairFinlan: The Gulf War 1991, U.S.A, 2005, P.V

**٢٣** هۆنراوەی شیلەر کە سەبارەت بە (lode to freedom)ە لە ساڵی ١٧٨٦ دا نووسی و لە ساڵی ١٨٠٣ دا هەندێك ڕستەی گۆڕی بۆ باسی سەربەستی مرۆڤەکان لیۆناردۆ بیرنستین جوڵەی بەپێی ئاوازێکی بتهۆڤن بۆ هۆنراوەکەی شیلەر کرد، لەکاتی یەکگردتنەوەی هەردوو کۆماردا بریتی بوو لە ڕستەی چوارەمی بەشی نۆیەمی ئاوازی بتهۆڤن (Bernstein's ode to freedom) (Richard miller: political history, este bon buch, U.S.A, 1992, p. 5-8).

**٢٤** لە ڕوخانی ئیمبراتۆریەتی ڕۆماوە وڵاتان و نەتەوەکانی ئەوروپا چەندین هەوڵیاندا بۆ یەکگرتنەوەیان لەوانە(ناپلیۆن ,هێتلەر...........)ئەم هەوڵانە زیاتر بە شێوازێکی سەربازی بووبەڵام یەکەمین بیرمەند کە لە دووای جەنگی دووەمی جیهانیەوە هەوڵیداوە ڤیکتۆر هۆگۆ لە ساڵی ١٨٥١ دا ڕایگەیاند کە پێویستە وڵاتانی ئەوروپا بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەژێر ناوی یەکێتی ئەوروپادا یەکبگرن لە پێناوی ڕوونەدانی جەنگێکی دی و بنیاتنانەوەی ئەوروپا , بەڵام لە ساڵی ١٨٥١ دا یەکەمین گومرگی بە ناوی (European economic community)) ڕێکخراوی یەکێتی ئەوروپا کە پێکهاتبوون لە (ڕۆژئاوای ئەڵمانیا , فەرەنسا , ئیتاڵیا , بەلجیکا , هۆڵەندە , لۆکسمبۆرگ)پێکەوە بازاڕی هاوبەشیان دروست کرد , لە ساڵی ١٩٥٧ دا پەیمانی ڕۆما بۆ ئەم مەبەستە بەسترا لە ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٥٨داکەوتە کارکردن , پاشان ئەم دامەزراوەیە پێشکەوت ویەکێتی ئەوروپا لە شێوازی تەنها ئاڵوگۆڕی بازرگانیەوە گۆڕا بۆ هاوبەشیکردن لە سیاسەت و ئابووریدا , لە ساڵی ١٩٧٢دا پەرلەمانی ئەوروپا لە ستراسبۆرگ سرودی سەربەستیەکەی شیلەر و بە ئاوازی ڕستەی چوارەمی بەیتی نۆیەمی سەمفۆنیای بتهۆڤن کرا بە سرودی پەرلەمانی ئەوروپا و لە ساڵی ١٩٨٣ دا ئاڵای پەرلەمانی ئەوروپا داندرا و لە ساڵی ١٩٨٦دا جەختیان لەسەر ئاڵاو سرودی نیشتمانی کردەوە کە سرودەکەی شیلەر بوو.( UTZ. toepke : the European economic community a profile ,north western journal of international law business ,1981 , p.640;uropean parliament the historical development of European integration ,fact sheets on the European Unioun ,EN-18-6-2018. )

25 Matthew J. Ouimet: The Rise and fall of the Brezhnev Doctrine in Soviet Foreign Policy, U.S.A, 2003, P 1 .

**٣٦** بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە پەیمانی وارشۆ بڕوانە:

Davis centre staff (fas.harvard.edu):the warso pact(1955-1991) , treaty of friend ship , coopera tion and mutual assistance ) , u.s.a ,11/12/2009, P. 5-7

27 Geoffrey Roberts: Ibid, p. 90-91

دەستبەرداری دەسەڵات بوو لەرۆژهەڵاتی ئەوروپا[٢٨], لە ماوەی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش [٢٩] لە مانگی ٦ی ١٩٩٠ دا ئاژاوە و پشێوی لە کۆماری گورجستانی سۆڤیەتی ڕوویدا ، ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەتی بارودۆخی نائاسایی لە ناوچەکە ڕاگەیاند بەڵام ئەو کەسانەی پشێویان دروستکرد نەگیران[٣٠] ، هاوشانی ئەفغانستان هەندێك لە کۆمارەکانی ئاسیای سۆڤیەت سەربەخۆییان ڕاگەیاند وەك (کازاخستان، قرغستان، تاجیکستان، تورکستان، ئەرمینیا، ئازەربایجان، جۆرجیا) [٣١], ئەم گۆڕانکاری و پێشهاتە وایکرد کە لە ساڵی ١٩٩١ دا یەکێتی سۆڤیەت هەڵوەشانەوەی سیستەمەکەی ڕابگەیەنێت , بەمجۆرە سۆسیالیزمی سۆڤیەتی کە نزیکەی حەفتا ساڵ بەردەوام ببوو ئیدی هەرەسیهێنا ، جۆرج بۆشی باوك ڕایگەیاند کە سەردەمی دوو جەمسەری کۆتاییهات و سیستەمێکی نوێ لە جیهاندا دەرکەوت کە دوورە لە ململانێی چەکی ئەتۆم و خۆ پڕ چەککردن و چاوەڕوانی داهاتویەکی زۆرباشی نێودەوڵەتی دەکرێت ، فرانسیس فۆکۆیاما لە کتێبی کۆتایی مێژوودا (End Of History) ئاماژە بەوە دەکات دژایەتیکردنی سەرمایەداری کۆتاییهات , ئیدی سەرمایەداری بە پشت بەستن بە پرۆسەیەکی دیموکراتی لە جیهاندا بەرقەرار دەبێت , کە ئەمەش تاکە ڕێگەی کاریگەرە بۆ بەرقەرار بوونی ئاشتی سەرتاسەری لەجیهاندا ,یەکێتی سۆڤیەت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکی وڵاتەکەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقا بەدرێژایی جەنگی سارد و تەنانەت تا دوای تەواوبوونی ئەو جەنگەش پشتگیری دەوڵەتی سوریای دەکرد [٣٢], تەنانەت لە دۆزی پشتگیری ووڵاتە عەرەبیەکان دژی ئیسرائیلیش زۆرکات پشتی بە سوریا دەبەست[٣٣].

وەك ئاشکرایە یەکێك لە هەرە کێشە گرنگە بەردەوامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆزی (عەرەب- ئیسرائیل) بوو کە بە درێژایی سەردەمی جەنگی سارد ململانێی هەردوو بلۆکی پێوە دیار بوو[٣٤] ، ئەمریکا بەدرێژایی ساڵانی (١٩٦٧-١٩٩١) پشتگیری ئیسرائیلی دەکرد[٣٥], بەڵام یەکێتی سۆڤیەت لە چلەکانەوە تا کۆتایی جەنگی سارد پشتگیری عەرەبی کرد[٣٦] , پەیوەندییەکانی عێراق لەماوەی ساڵانی (١٩٨٩- ١٩٩١) لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی زۆر لاواز بوو ، لەسەر ئاستی دەرەکی عێراق پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەردوو بلۆکی سۆسیالیزم و سەرمایەداری بەهێز نەبوو ، بەپێی

---

28 The National Archives: op. Cit, p. 90

**٢٩** یەکێتی سۆڤیەت دوای ڕووخانیشی پەیوەندیەکانی لەگەڵا زۆرینەی ئەو دەوڵەتە سەربەخۆکانی سنوری ڕۆژهەڵات و ناوەندی ئاسیا فراوان بوو هەروەها ڕووسیا بەردەوام بوو لە گرنگیدان بە پەیوەندیەکانی لەگەڵا قەوقاز و ئاسیای ناوزەند، واتە گرنگیدان بە کۆمارە سەربەخۆکانی پێشتر لە سنوری سۆڤیەتدا بوون لە پێناوی بەرژەوەندی نەتەوەیی ڕووسیادا.
.(Stephen Blank: op. Cit, P. 1; AslihanAnlar: op. Cit, P. 3)

**٣٠** ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١١٨٤، ٥ شەمە، ١٩٩٠/٦/٧.

31 The National Archives: op. Cit, p. 40- 41; Pauline Jones Luong: Institutional change and political continuity in post-soviet central Asia, power, perceptions and pacts, Cambridge university, 2002, p.1

32 AmdregKreutz: Syria: Russian's Best Asset in the Middle East, Russia/Nis center, November, 2010, p.6-7

33Rashid Khalidi: sawing Grisi, the cold war and American Dominance in the Middle East, u.st, 1992, p. 70

**٣٤** پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و سوریا لە ساڵی ١٩٤٤دا دەست پێکرد یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٤٦دا دانی بە سەربەخۆی سوریادا نا واتە لە پێش هەندێك دەوڵەتدا بوو, تەنانەت دوا هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتیش پەیوەندیەکانی سوریا و ڕوسیا بە بەهێزی مایەوە .(Andreg Kreutz:op.cit,p.6-7)

**٣٥** هەمیشە یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا وەك دوو زلهێزی گەورە بە بیانووی چارەسەری کێشەی (عەرەب-ئیسرائیل) ەوە دەستیان لە کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا وەردەدا , وەکو چاودێریکەری ململانێکانان بوون , کە کۆمەڵگای گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی١٩٤٧ دا و پێداگریان لە دۆزی ئیسرائیل کرد , لە ١٥/مایوی /١٩٤٨ ەوە بڕیاری دروستبوونی دەوڵەتێکی نوێی سەربەخۆی جولەکە دەرکرد .( Rishid khalid:op.cit,p.24)

36 Rishid khalid:op.cit,p.24

(وەقائیعی عێراقی) پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ هەردوو بلۆك وەك یەك بوو ، عێراق (٣٨) ڕێککەوتنامەی لەگەڵ وولاتاندا بەستبوو , بەڵام هیچ ئاماژە بە ڕێککەوتنێك لەنێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەتدا نەکرابوو[٣٧] ,بەڵکو لەسەردەمی گۆرباچۆڤدا هەڵوێستی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت و ڕێککەوتنامەکانیان لێك نزیکبوون و پێکەوە کۆدەبوونەوە و بڕیاریان لە کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەدا ، چونکە لەسەردەمی گۆرباچۆڤدا هەڵوێستی یەکێتی سۆڤیەت وەکو پێشتر نەبوو بەڵکو زیاتر هەوڵی گونجاندن دەدا لەگەڵ سیاسەتی نوێدا بۆ ڕێکخستنەوەی جیهان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و ڕێزگرتن لە یاسا نێودەوڵەتیەکان[٣٨], لەڕاستیدا یەکێتی سۆڤیەت هیچ پەیمان و ڕێککەوتنێکی لەنێوان سالانی (١٩٨٩- ١٩٩١) دژ بە عێراق یاخود بۆ وەستاندنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ عێراقدا نەبوو ، بەڵام پشتگیری عێراقیشیان نەکرد لە داگیرکردنی کوێتدا[٣٩]، هەروەها ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکا وەکو ڕابردوو نەبوو ، لە زۆربەی بابەتدا هاوڕا بوون، دیکوێلاری ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١٩٩٠/١/١٤ دا گەیشتە مۆسکۆ لەگەڵ میخائیل گۆرباچۆڤ و ئێدوارد شیفر نادزەی وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی کۆبوونەوە و وتووێژیان سەبارەت بە ڕەوشی عێراق و گیروگرفتەکانی ئەفغانستان کرد[٤٠].

هەرچەندە لە پێشتر دا هەڵوێستی سەربازی و توندو تیژیان بۆ کێشە نێودەوڵەتییەکان جودا بوو ، ئەمەش لەدوای کۆبوونەوەی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٨٩[٤١] جەختیان لەسەر مامەڵە و هەڵوێستی نوێیان کردەوە ، وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتانی ئەندام لە پەیمانی وارشۆ گەیشتنە بڕیاری گۆڕینی سیاسەتی ڕابردوویان بەهۆی ئەو بارودۆخە ئابووری و سیاسیە خراپەی دووچاری یەکێتی سۆڤیەت هاتبوو , ئیدی کۆبوونەوەیەکی فراوانیان لە پایتەختی پۆڵەندە کرد و بەیاننامەیەکیان دەرکرد کە تیایدا هاتبوو دەوڵەتانی ئەندامی پەیمانی وارشۆ خۆیان هەڵنەقورتێنن لە کاروباری وولاتانی ترەوە ، کە ئەمەش بە واتای ڕەتکردنەوەی سیاسەتە ناسراوەکەی (برجنێف)ی سەرۆکی پێشووی یەکێتی سۆڤیەت ، هەروەها جەختیان کردەوە لەسەر پاراستنی ئاسایشی کیشوەری ئەوروپا و ڕێزگرتن لە مافی دەوڵەتانی تر بۆ بڕیاردان لە مافی چارەنوسی خۆیان و هەڵبژاردنی ڕێبازی پەرەپێدانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابووری بەبێ دەست تێوەردانی دەرەکی[٤٢]، پێچەوانەی سیاسەتی پەیڕەو کراویان لەماوەی نیو سەدەی جەنگی ساردا کە کاریگەری لەسەر جیهان هەبووە[٤٣]. جونکە لە ساڵی ١٩٩٠ ەوە حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی لە

---

٣٧ بەڵام لە ڕۆژنامەی هاوکاری کە زمانحاڵی دەوڵەتی عێراقی بوو ئاماژە بە کۆبونەوە و گفتوگۆ کراوە سەبارەت بە بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان عێراق و یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها میخائیل گۆرباچۆڤ لە ١٩٨٩/٧ دا نامەیەکی بۆ عێراق سەبارەت بە بەهێزکردنی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان هەردوو وولات و ڕووداوەکانی ناوچەکە، هەروەها لە ١٩٩٠/٧/٢٢ دا یۆریس بیلۆ ئۆسوف میخائیل و ڤیچی وەزیری پیشەسازی و بەرگری سەردانی عێراقی کرد بە ئامادەبوونی سەدام حسین و حسین کامیل و وەزیری پیشەسازی و پیشەسازی سەربازی و باڵیۆزی یەکێتی سۆڤیەت لە بەغدادکە سەبارەت بە پەیوەندی دوو قۆڵی هەردوو دەوڵەتی دۆست و چۆنێتی پەرەپێدانی لە هەموو مەیدانەکاندا.(ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١٠٨٩، ٢ شەمە، ١٩٨٩/٧/٢، ٥ شەمە، ١٩٩٠/٧/٢٦، ژ. ١١٩٧ ).

38 Galan: Gorbachev's Difficult Time In The Gulf, Aps, 3/11/2009, P. 21.

٣٩ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١٠٩٧، ٥ شەمە، ١٩٨٩/٨/٣.

٤٠ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١١٣٧، ٢ شەمە، ١٩٩٠/١٠/١٥.

٤١ وەفدێکی فەلەستین لە ١٩٨٩/٦/١١ دا سەردانی مۆسکۆیان کرد و وەفدەکە پێکهاتبوو لە ئەندامی لیژنەی ڕاپەڕێنەری ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین.(ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١٠٨٣، ٢ شەمە، ١٩٨٩/٦/١٢).

٤٢ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١٠٣٧، ٥ شەمە، ١٩٨٩/١٢/٢.

43 Rashid Khalidi: op. Cit, p. 1

كۆبوونەوەیەكیدا سەبارەت بە بابەتی دەستهەڵگرتن لە حوكم و دارشتنەوەی هەیكەلی سیاسی پارتی كۆمۆنیست گفتوگۆی كردبوو[٤٤] .

لەماوەی ساڵانی (١٩٨٩- ١٩٩١) دا بارودۆخی ئابووری سۆڤیەت لاواز ببوو چونكە پێشتر خەرجیەكی زۆر لەبواری سەربازیدا كرابوو ، لەم ماوەیەشدا كاڵاوبەرهەمی هاوردەكراو بۆ نێو سۆڤیەت زیاتر بوو لە هەناردەی ئەو وڵاتە ,ئەمەش وایكردبوو نەتوانێت وەك پێشتر هاوكاری عێراق و هاوپەیمانەكانی دیكەی بكات ، جگە لەوەی نارازی بوو لە تێوەگلانی لە جەنگەوە [٤٥]، بەڵام گرنگترین چەكێك كە عێراق لە جەنگی دووەمی كەنداودا بەكاریهێنا موشەكی سكۆد بوو ، كە عێراق لە سۆڤیەتیی وەرگرتبوو ، دروستكراوی سۆڤیەت بوو ، ئەم موشەكە ئاسمانی ریازی پایتەختی سعودیەی بڕی و ریازی پایتەختی سعودیەی موشەك باران كرا [٤٦].

**باسی دووەم :**

**هەڵوێستی یەكێتی سۆڤیەت بەرامبەر عێراق لە جەنگی دووەمی كەنداودا (١٩٩٠-١٩٩١) :**

عێراق لەسەر ئاستی ناوخۆ ئابووری داڕووخا بوو لە ئاكامی جەنگی هەشت ساڵەی لەگەڵ ئێراندا , لەلایەكی دیكەوە شێوازی كار و سیاسەتی پەیڕەوكراوی ڕێكخراوی ئۆپیك هۆكارێكی دیكەی ئەو ڕەوشەی عێراق بوو [٤٧]، هەروەها لە بواری سیاسیشدا ڕەوش و بارودۆخی عێراق زۆر خراپ بوو ، لە عێراقدا مافی مرۆڤ و دەسەڵاتی دامەزراوەكان و ئازادی گشتی پێشێل كرابوو ، چونكە عێراق پەیڕەوی لە سیستەمی تاك پارتی دەكرد و كە حیزبی بەعس تەنها پارتی سیاسی بوو لە وڵاتدا , هاوشانی كەسایەتی سەدام حسین بوو ، ئازادی تاك بوونی نەبوو ، چونكە لە عێراقدا حكومەتێكی تۆتالیتاری فەرمانڕەوایەتی دەكرد[٤٨] ، پاشان لەدوای جەنگی هەشت ساڵەی (عێراق ئێران ) دووچاری جەنگی دووەمی كەنداو بۆوە , ئەمانەش هۆكار بوون تاكو عێراق ببێتە جێگای ڕەخنەی هەریەك لە دەوڵەتانی (ئیمارات، بەحرەین، قەتەر، عومان , شانشینی عەرەبی سعودی ژمارەیەكی زۆر لە كۆمەڵەی وڵاتە عەرەبیەكان , كۆمەڵەی وڵاتە ئاسیاییەكان ، كۆمەڵەی دەوڵەتە ئەوروپیەكانی ڕۆژئاوا ، كۆمەڵە دەوڵەتەكانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ، سۆڤیەت و كۆمەڵە دەوڵەتەكانی ئەمریكای لاتین [٤٩], حكومەتی عێراقی لەلایەك دژایەتی حیزبی شیوعی دەكرد ، لەلایەكی دی دژایەتی نەتەوەی كورد لە باكور و عەرەبە شیعەكانی باشوری كرد و سەركۆنەی دەكردن و پرۆسەی ئەنفال و ڕاگواستن و بەكارهێنانی چەكی كیمیایی بەرامبەر كورد بەكارهێنا [٥٠]، بەردەوامیش گرنگی بە بواری سەربازی دەدا زیاتر لە بوارەكانی دی [٥١].

---

٤٤ ڕۆژنامەی هاوكاری: ژ. ١١٥٠، ٢ شەمە، ١٩٩٠/٢/٥.

٤٥ ڕۆژنامەی هاوكاری: ٢ شەمە، ١٩٨٩/١٠/٣٠. حمد بن محمد الرشید :السیاسە الخارجیە السعودیە والامن فی المنگقە الخلیج ,باشراف د.عامر مصباح ( كلیە العلوم السیاسە ە والاعلام ) , قسم العلوم والسیاسەو العلاقات الدولیە , ٢٠١١- ٢٠١٢, ص ١٧٨ )

٤٦ حمد بن محمد ال رشید: م. س، ص١٧٨

٤٧ م. ن، ص ٧.

٤٨ رغید صلح: حربا بریطانیا والعراق (١٩٤١- ١٩٩١)، شركة مطبوعات للتوزیع والنشر، ط٢، بیروت، لبنان، ١٩٩٧، ص ٢٤٥.

٤٩ رظا هلال: صراع كویت، مسألة لامن والثورة، سینا للنشر، بیروت، لبنان، ١٩٩١، ص ٦٩.

٥٠ رغید صلح: م. س، ص ٢٤٦- ٢٤٧.

٥١ رظا هلال: رچا هلال : م . ن ، ص ٦٩.

لەسەر ئاستی دەرەکیش عێراق هەوڵیدا پەیوەندیەکانی ڕێکبخاتەوە لەدوای تەواوبوونی جەنگی هەشت ساڵە ، عێراق وەکو پێشەوا و ڕابەری جیهانی عەرەبی خۆی دەبینی [٥٢] ، لە ماوەی جەنگدا لایەنگری میشێل عەونی لوبنانی کرد حافز ئەسەد ودەوڵەتانی سوریا کە نەیاری سەرسەختی یەکتر بوون ، عێراق پەیوەندیەکانی لەگەڵ میسر و ئەردەن و یەمەندا بەهێزکرد لە چوارچێوەی ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبیدا [٥٣] وەکو دەوڵەتێکی دژ بە ئیسرائیل خۆی دەناساند و سەبارەت بە گەڕانەوەی قودس لێدووانی دا [٥٤]، یاسر عەرەفات لە نێو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداودا ئامادەبوو ، سەدام ڕۆڵی فەلەستینی بەرز نرخاند و بڕی ٢٥ ملیۆن دۆلاری پێدان هەروەها بڕیاریدا هاوکاری هەموو خێزانێکی فەلەستین و کەس و کاری شەهیدەکانیان بکات [٥٥], هەروەها ڕایگەیاند کە بەغداد لوتکەی عەرەبیە و پایتەختی ووڵاتە عەرەبیەکانە[٥٦] ، پاشان ناڕەزایی دەربڕی سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر دۆزی عەرەب لە فەلەستین و فشارەکانی ئەمریکا بۆسەر ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و فشاری سیاسی و بۆسەر یەکێتی سۆڤیەت بۆ دۆزی فەلەستین و ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست , سەدام حسین لە کۆبونەوەکەدا ووتی ((ڕەفتار و هەڵس و کەوت و قسە و گوتنەکانی ئەمریکا لە ماوەی ڕابردوودا بەرامبەر بە بەرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی عەرەبی و بەرامبەر مافەکانی عەرەبەفەلەستینیەکان لە نیشتمانەکەیاندا جێگەی نیگەرانی یە.... هەروەها پشتگیری کردنی کۆچی جولەکەکانی سۆڤیەتی بەشێوەیەك کە لە پێشاندا نەبووە و نەبیندراوە و نەکراوە لەسەر خاکی فەلەستیندا ، ئەوەش نەدەبوو تەنها ئەگەر بۆ پەردەپۆشی کردنی دروشمەکانی مافی مرۆڤ نەبووایە ئەگەر بهاتایە ئەمریکا زۆرە ملێی لە یەکێتی سۆڤیەت نەکردبایە))[٥٧]

بەڵام کێشەی سنوری نێوان عێراق و کوێت چارەسەر نەبوو لە کاتێکدا وەلی عەهدی کوێت شێخ عەبدوڵلا سەباح لە ساڵی ١٩٨٩ دا سەردانی عێراقی کرد ، و سەبارەت بە سنوری نێوانیان وەڵامی بەغداد بریتی بوو (لە سنوری کوێتەوە تا ئەوپەڕی باکوری عێراقە) واتە دانی بە سەربەخۆیی کوێتدا نەنا . هەروەها جەلال تاڵەبانی لە ١١/مایوی/١٩٩٠ دا لە ووتارێکی پەیمانگای کاروباری نێودەوڵەتی لە لەندەن ڕایگەیاند ( نزیکبونەوەی عێراق لەگەڵ ڕێکخراوی سەربەخۆیی فەلەستین و ئەردەن لە ڕووکەشدا بۆ دژایەتیکردنی ئیسرائیل ، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ جێبەجێکردنی خواست و ویستی سەرۆکی عێراقە بەسەر هەموو عەرەبدا بە تەواوەتی ، لەوانەش داگیرکردنی کوێت ، کۆنترۆڵکردنی کەنداو ) [٥٨], عێراق ناڕەزایی دەربڕی سەبارەت بە کوێت و هەندێك لە ووڵاتە عەرەبیەکان و سەدام ووتی ( جەنگ هەندێك کات بە

---

٥٢ لە مایسی ١٩٩٠دا کاتێك کۆنگرەی لوتکەی عەرەبی لە بەغداد بەسترا ,عێراق وەکو سەرۆکێکی جیهانی عەرەبی خۆی ئەژمار کرد ,ئاماژەی بە سەرکەوتنی عێراق کرد لە جەنگی لەگەڵ ئێراندا , هەروەها ڕایگەیاند کە دوژمنی وڵاتانی عەرەبی ئیسرائیلە, کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لە ڕێی ئیسرائیلەوە ئەیانەوێت چاو ببڕنە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست . patrick tyler :a world of trouble (the white house and middle east –from the cold war to the war on terror) ,new York , 2009 ,p360-361.

٥٣ لە ١٩٨٩/٢/١٩ لە ڕۆژی پێنج شەمەدا لەنێوان عێراق و ئەردەن و یەمەن و میسر و سەرکردەی ووڵاتانی عەرەب ڕێککەوتن و ئەنجومەنی هاریکاری عەرەبی پێکهێندرا، لەپێناوی بەرگری هاوبەش و هاریکاری ئابووری و دەزگای ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای عەرەبدا، پەیوەندی و هاوکاری دادەمەزرێنێت لەگەڵا کۆمەڵە کیشوەریە عەرەبی و جیهانیەکاندا. (ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١٠٥٢، ٢ شەمە، ١٩٨٩/٢/٢٠).

٥٤ رظا هلال: م. س، ص ٦٩.

55 Partrick Tyler: Op. Cit, P. 360- 361

٥٦ رظا هلال: م. س، ص ٦٩.

٥٧ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١١٥٦، ١٩٩٠/٢/٢٦.

٥٨ رظا هلال: م. س، ص ٦٩.

ســەرباز دەکرێت کە دەبێتە هۆی ئازاردان بەهۆی تەقینەوە و کوشــتن و هەوڵی کودەتا هەندێك کات بە ئابووری دەکرێت) [٥٩].

لێرەدا ســەرۆکی عێراق مەبەســتی لە جەنگی ئابووری بوو کە بریتی بوو لە نزمکردنەوەی نرخی نەوت کە هەندێك لە وواڵتە عەرەبیەکان پابەندی بڕیارەکانی ڕێکخراوی ئۆپیك نەبوون کە ســەبارەت بە بەرژەوەندی هەموو وواڵتانی ئەندام بێت ، سەدام لەبارەی دابەزینی نرخی نەوت و ئەو فشارەی لەسەر عێراق دروستکرا دەڵێت ((هەر دابەزینێك لە یەك بەرمیل نەوت نزیکەی یەك دۆلار بێت خەساره و زیانەکانی لەماوەی یەك ساڵدا (ملیار بلیۆن) دۆلارە )) [٦٠], پاشان سەدام داوای لە ١٣ دەوڵەتی ئۆپیك کرد ، کە ڕێککەوتنامەیەکی نوێ سەبارەت بە نرخی نەوت ببەستن ، تا پابەندی ئەو ڕێژەیە بن کە بەپێی ڕێککەوتنامەکەی پێشــووی ئۆپیك دیاریکرابوو ، بە عیســام عەبدولحەمیدی وەزیری نەوتی ڕاگەیاند , کە بەم بارودۆخەی ئێســتای نەوت لە بەرژەوەندی هیچ دەوڵەتێکی بەرهەمهێنەری نەوتدا نیە هەروەها بەهیچ جۆرێك نابێت ڕێژەی بەرهەمهێنانی نەوت زیاد بکرێت تا نرخی بەرمیلێك نەوت لە (١٨) دۆلاردا نەبێت، عێراق لە کۆنگرەی ئۆپیکی داواکرد کە لە ١٩٩٠/٧/٢٥ دا دەبوو ببەســترێت ، پێی ڕاگەیاندن پێویســتە ڕەچاوی ڕێژەی بەرهەم بکرێت ، و ڕێژەی ئێســتای بەرهەمهێنانیش کەم بکرێتەوە لە پێناوی ڕاســتکردنەوەی ڕێچکەی نرخ و هەڵمژینی ئەو زیادەیەی کە بازاڕی خنکاندووە ، نرخی نەوت بەهۆی زیادکردنی ئەو ڕێژەیەوە کە لە ســەرەتای ئەمســاڵدا بۆتە حەوت دۆلار هۆی ئەوەش ئەوەیە کە چەند وواڵتێکی ئەندام زیاتر لەو ڕێژەیەی بۆیان دیاریکراوە نەوتیان بەرهەمهێناوە و ناردویانە بۆ بازاڕەکانی نەوت لەو وواڵتانە ئیماراتی عەرەبی لە ســاڵی (١٩٨٩- ١٩٩٠/٦) ڕۆژانە زیاتر لە دوو ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم دەهێنێت و ڕەوانەی بازاڕی نەوتی دەکات ، لە ڕاستیدا دەبوو یەك ملیۆن و نەوەد و پێنج هەزار بەرمیل ئاڕاســتە بکات [٦١], ئیتر عێراق لە ١٩٩٠/٥/٢٠ دا لە دانیشــتنێکی داخراوی کۆنگرەی لوتکەی عەرەبیدا لە بەغداد جەنگی بەرامبەر بەرەی نەوت ڕاگەیاند ، بەتایبەت دژ بە دەوڵەتانی ئیماراتی عەرەبی و کوێت کە بازاڕەکانی جیهانیان پڕکردبوو لە نەوت , سعودیەش بۆ هێمن کردنەوەی بارودۆخەکە هشام ناسری وەزیری نەوتی وواڵتەکەی بۆ عێراق و کوێت و ئیمارات نارد ، لە ڕێکەوتی ١٠-١٩٩٠/٧/١١ دا کۆبونەوەیەکی ســازدا کە بە ڕێککەوتنی جەدە ناســراوە ، بە ئامادەبوونی وەزیرانی لە وەزیرەکانی نەوتی ئەو وواڵتانەی کە لە ئۆپیك ئەندام بوون بریتی بوون لە (کوێت،ئیماراتی عەرەبی، ســعودیە، عێراق و قەتەر) لەئەنجامدا بڕیاردرا کە کوێت و ئیمارات بڕی نەوتی نێردراو کەمبکەنەوە ,بەڵام عێراق گومانی لادروســت بوو چونکە لەدوای کۆبوونەوەکە وەزیری نەوتی کوێت بڕیاری دابەزاندنی بڕی نەوتی نەدا و لە مانگی داهاتووشــدا بەرزتری کردەوە [٦٢], لەدوای ڕێککەوتنی جەدە بەپێچەوانەوە نرخی نەوتی ئۆپیك بەرزبۆوە بۆ زیاتر لە ١٩ دۆلار [٦٣].

ســەدام حســین لە ١٩٩٠/٧/١٧ دا تاریق عەزیزی ناردە بنکەی کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبیەکان لە قاهیرە بۆ سکاڵا دژی کوێت و میرنشــینی یەکگرتووی عەرەب ســەبارەت بە زیادکردن و بەرزکردنەوەی بڕی نەوت ئەم کارە زیانی ١٤ بلیۆن دۆلاری بە عێراق گەیاندووە ، هەروەها ڕایگەیاند کە کوێت کێشــەی ســنووری لەگەڵ عێراقدا هەیە و دەســتی گرتووە

---

٥٩ م. ن: ص ٦٩.

٦٠ م. ن: ص ٧٠.

٦١ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١١٩٠، ٥ شەمە، ١٩٩٠/٦/٢٨.

٦٢ رظا هلال: م. س، ص ٧٠- ٧١.

٦٣ ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١١٩٤، ٢ شەمە، ١٩٩٠/٧/١٦.

بەسەر پاڵاوگەی نەوتی ڕومێلە[٦٤]، پاشان عێراق لە ١٩٩٠/٧/١٨ دا هێرشی سیاسی بۆسەر کوێت وئیماراتی عەرەبی ڕاگەیاند، لەبەرئەوەی سەرپێچیان کردووە لە بڕیارەکانی ڕێکخراوی ئۆپیك [٦٥]، و جگە لەوەی کوێتی تۆمەتبار کرد بەوەی لەکاتی جەنگی عێراق لەگەڵ ئێراندا دەستی گرتووە بەسەر پاڵاوگەی نەوتی ڕومێلەی عێراقدا [٦٦]، و لەماوەی دەستگرتنی کوێت بەسەر ڕومێلەدا بەبڕی (٢٤٠٠) ملیۆن دۆلار نەوتی لە پاڵاوگەکە فرۆشتووە ، ئەمانەی وەکو یاداشتێك دا بە جێگری ئەمینداری گشتی کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبیەکان ، تێیدا هاتبوو کە عێراق ناچارە جەنگ لەگەڵ کوێتدا بکات , ئەمەش لەپێناوی بەرگریکردن لە دەسەڵاتەکەی نیە بەڵکو بەرگریکردنە لە دەروازەکانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی ، کوێت ئەم یاداشتەی بە هەڕەشە لە قەڵەم دا , ئیدی ئەنجومەنی نیشتمانی کوێت کۆبوونەوەیەکی خێرای ئەنجامدا کە تیایدا هاتبوو کە پێویستە بە زمانی ئاشتی چارەسەری کێشەکان بکرێت نەك هەڕەشە و شەڕ [٦٧]، پاشان کوێتیش هەڵمەتێکی دیبلۆماسی دەست پێکرد و نامەی نارد بۆ نوێنەر و سەرکردەکانی وولاتە عەرەبیەکان و داوایکرد کە لیژنەیەك لە کەسانی ناو کۆمەڵە دروست بکەن بۆ کێشانی سنورێك لەنێوان عێراق و کوێتدا [٦٨].

یەکێتی سۆڤیەت ڕایگەیاند بەو پێیەی ئێمە دۆستی دێرینی عێراقین ئارەزوومەندین داوا لە سەرکردەکانی عێراق بکەین کە شێوازی بیرکردنەوەیان بگۆڕن و هەڵوێستێکی بەرپرسانە و مرۆڤانە بگرنە بەر ، بەڵام عێراق بە ئاشکرا بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل کرد , ئەوەی زۆر جێی سەرنجە دەوڵەتی کوێت و ناوچەی کەنداو گرنگیەکی گەورەیان لەڕووی سیاسی و ئابوورییە وە[٦٩] لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەمریکادا هەبوو ، کە بووە هۆکارێك هاوپەیمانان پێکەوە وەڵامی عێراق بدەنەوە کە ڕێگا پێ نادەن لە کوێت بمێنێتەوە ,ئەمریکا مەبەستی بوو لەڕووی سیاسیەوە هیچ دەوڵەتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبێتە مەترسی بۆسەر ئیسرائیل ، عێراقیش بە یەکێك لەو دەوڵەتە مەترسیدارەی کە وەك هەڕەشەیەك بۆسەر ئاسایشی ئیسرائیل دەبینرا [٧٠]، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەدا[٧١] ، هەروەها سەدام حسین لە نیسانی/١٩٩١ دا بەوپەڕی شانازیەوە ڕایگەیاند ((ئەگەر هاتوو ئیسرائیل جارێکی تر وەکو ساڵی ١٩٨١ هێرش بکاتە سەر عێراق ئەوا سوێند بە خوای گەورە ئیسرائیل هەر هەنگاوێك لەدژی عێراق بنێت ئاگرمان نیوەی ئیسرائیل ئەسوتێنێت)) سەدام حسین زۆر بە ئاشکرا ئاماژەی بۆ کۆگاکانی چەکی کیمیایی عێراق کرد[٧٢] , بەمجۆرە عێراق وەك خاڵێکی مەترسیدار بۆسەر ئاسایشی ڕۆژهەڵات ئەژمارکرا[٧٣] .

---

64 Patrick Tyler: Op. Cit, P. 2- 3

٦٥ رظا هلال: م. س، ص ٧٠- ٧١.

66 Patrick Tyler: Op. Cit, P. 2- 3

٦٧ رظا هلال: م. س، ص ٧١.

٦٨ م. ن، ص ٧٢.

٦٩ التجارب النووية الفرنسية فى الجزائير، سلسلة الندوات (دراسات، بحوث و شهادات)، المركز الوطنى للدراسات والبحث، الجزائر، ط ١، ٢٠٠٠، ص ٣٩٩.

70 Thomas R. Mockaitis: The Iraq War Encyclopedia, Oxford, England, 2013, P. 1.

71 Ibid: p. xx.

٧٢ ئە مریکا ئاماژەی بەوەکرد کە عێراق لەناوەندی ساڵانی حەفتاکانەوە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی کیمیایی داوە. (National Intelligence Estimate: Soviet Policy Toward Eastern Europe Under Gorbachev: (Director of Central Intelligence), (8. NIE 11/12-9-88, May 1988).

73 Partrick Tyler: Op. Cit, P. 360- 361.

هەروەها ئەمریکا دەیویست هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی دەست بەسەر ئابووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەگرێت ، لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە بەریتانیا و ئەمریکا مەبەستیان بوو کۆنترۆڵی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەن ، کوێتیش پێگەیەکی گرنگی هەبوو لە بەرهەمهێنانی نەوت و ناردنی بۆ بازاڕەکانی جیهانی سەرمایەداری [٧٤],سەدام حسین بە داگیرکردنی کوێت ٤٠٪ی نەوتی جیهانی کۆنترۆڵ دەکرد[٧٥] ، و مەترسی بۆ سعودیەش دروست دەکرد ، لە ٣/ئابی/١٩٩٠ دا بابەتێك لە نیۆرك تایمزدا سەبارەت بە مەترسی عێراق لە داگیرکردنی کوێتدا بڵاوکرایەوە کەوا عێراق دەستی گرتووە بەسەر جێگەیەکی زۆر گرنگدا کە کێڵگەی نەوتی دەوڵەمەندی تێدایە و بەسەر کەنداوی فارسدا دەڕوانێت ئەمەش گرنگیەکی گەورەی لەسەر ئاسایشی جیهان دروستکردووە ، هەروەها ڕایگەیاند کە ئەمە شتێکی چاوەڕوان نەکراوە [٧٦], کوێت ناوچەیەکی زۆر گرنگی سەر کەنداو بوو ، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرژەوەندی گەورەی لە کەنداودا هەبوو هەروەها مەبەستی بوو کە هیچ دەوڵەتێك بە تەواوی کۆنترۆڵی کەنداو نەکات ئەمریکا هەوڵیدا کە دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت سنوردار بکات تا مەترسی لەسەر کەنداو دروست نەکات ، چونکە هێزی سەربازی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٧٩ ەوە چووە نێو ئەفغانستانەوە کە (٣٠٠) میل لە زەریای هیندی و گەروی هورمزەوە نزیك بوو لەبەرئەوە دەسەڵاتی سۆڤیەت وەکو هەڕەشەیەك لەسەر بەرژەوەندیە نەوتیەکانی جیهانی سەرمایەداری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەژمار دەکرا , لەلایەکی دی کە عێراق دەستی بەسەر کوێتدا گرت ، هێشتا وەکو هاوپەیمانێکی سۆڤیەتی لە قەڵەم دەدرا , بە مانەوەی عێراق لە کوێتدا دەوڵەتی عێراق دەبوو زلهێزێکی ڕۆژهەڵاتی بەهێز لە جیهاندا و ڕۆڵی سەرەکی دەبوو لە بەرزکردنەوەی نرخ و بڕی نەوتدا لەبەرئەوە ئەمریکا مەبەستی بوو لەیەك کاتدا هەردوو دەسەڵاتەکە گەمارۆ بدات و بچوکیان بکاتەوە , تاکێشە لەسەر کەنداو دروست نەبێت ، چونکە سێیەکی نەوتی جیهان بە کەنداودا ڕەت دەبێت [٧٧].

لە (٢ی ئابی / ١٩٩٠ دا کوێت لەلایەن عێراقەوە داگیرکرا [٧٨]، لەلایەن هێزی قادسیەوە کە هێزێکی گەورە بوو خاوەنی چەك و تانك و تۆپ و دەبابەی سۆڤیەتی بوو [٧٩]. لەماوەش شەش سەعاتدا پایتەختی کوێتیان گرت و لەماوەی چەند ڕۆژێکدا گەورەترین کێڵگەی یەدەکی نەوتی کەنداویان لە جیهاندا داگیر کرد , بنەماڵەی پاشایەتی کوێت و ژمارەیەکی زۆر لە بەرپرسیانی دەوڵەت بەرەو سعودیە هەڵهاتن ، سەدام حسین کوێتی بە یەکێك لە پارێزگاکانی عێراق لە قەڵەم دا ، هەرچەندە عێراق لەو بڕوایەدا بوو کە یەکێتی سۆڤیەت هەموو هاوکاریەکی پێویستی دەکات بەڵام بەوجۆرە نەبوو [٨٠]، ئەمریکاش لەڕووی ناوخۆ و دەرەکیەوە دەستی وەردابووە سیاسەتی عێراق لەلایەك بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ پشتگیری کورد لە باکوری عێراق و عەرەبی شیعە[٨١] , لە باشور دەکرد , لەلایەکی دی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەڵوێستیان دەربڕی بۆ وەدەرنانی عێراق لە کوێت [٨٢].بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی زۆر پشتیان بە

74 Orrin Schwab,The gulf wars and the united states,shaping the twenty first century,London,2009, P. 1
75 Atalastair Finlan : The gule war 1991 ,U.S.A ,2005, P. VI
76 Orrin Schwab: Op. Cit, P. 7.
77 Ibid: p. 6.
78 Genin Milena, SimeoniMaric: The Gulf War, New York, 2015, P. 2.
79 Ibid, p. 2; Orrin Schwab: Op. Cit, P. 1.
80 Orrin Schwab: Ibid, P. 2.
٨١ عێراق زۆر بێزار بوو لە سیاسەتی تاران، کە بەردەوام دەستی لە کاروباری دەوڵەتی عێراق دەدا، چونکە لە باشوری عێراق ژمارەیەکی زۆر شیعە هەبوون کە گوێڕایەڵی دەوڵەتی ئێران بوون، لەبەرئەوە زۆر بەئاسانی سیاسەتی ئێران دەگەیشتە عێراق.
(Bob Bongers: Iran's Forign Policy Towards Post Invasion Iraq, P. 1).
82 Michael R. Fiscbbach: Biographical Encyclopedia of the Modern Middle East & North Africa, Volume 2, Florida, 2008, P. Xx.

نەوتی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەستبوو لەوانە (ژاپۆن و ڕۆژئاوا ئەوروپا بەتایبەتی فەرەنسا و ئەڵمانیای ڕۆژئاوا [٨٣]، سوپای هاوپەیمانان لەڕێی تۆڕی هەواڵگری و مانگی دەستکردەوە زۆر بەوردی چاودێری هێرشی دەریایی عێراقی بۆسەر کوێت کرد، لەڕێی مانگی دەستکردەوە بیندرا کە عێراق ٧٢ تانك و چەندین تۆپهاوێژی بەرەو کوێت برد بوو لەکاتی جەنگەکەدا [٨٤]، پاشان سعودیە بۆ یەکەمینجار ڕازامەند بوو کە خاکەکەی بۆ هێرش و مانۆڕی سەربازی بەکاربهێندرێت [٨٥].

ڕاستەوخۆ دوای داگیرکردنی کوێت هەردوو دەوڵەتی میسر و ئەردەن هەوڵیاندا وەکو ناوبژیوانێك بەشێوازێکی دیبلۆماسی بارودۆخەکە باش بکەن و داوایان لە عێراق کرد کە کوێت بەجێبهێڵێت، هەروەها لەلایەن کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبیەکانیشەوە داوایان لە عێراق کرد کە لە کوێت بچێتە دەرەوە ، پاشان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بڕیاری وەدەرنانی عێراق لە کوێت دەرکرا، ئەمریکا و زیاتر لە (٣٣) دەوڵەت لەم پرۆسەیەدا بەشداربوون کە بە ئۆپراسیۆنی گەردەلولی بیابان ناسرا [٨٦]، لەدوای شەش ڕۆژ لە داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوە ، جۆرج بوش (Garage H.W.Bush) لە ٢/ئۆکتۆبەری/١٩٩٠ دا ڕایگەیاند پێویستە هەڵمەتێکی سەربازی بگیرێتە بەر , لەپێناو پاراستنی کێڵگە نەوتیەکانی سعودیە لە مەترسی هێرشی عێراق [٨٧]، هەروەها دژی داگیرکردنی کوێت [٨٨]، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە ساڵی (١٩٩٠) باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق چاوی بە سەدام کەوتبوو بەهیچ جۆرێك عێراقی سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆم تاوانبار نەکرد [٨٩]، بەڵام ڕاستەوخۆ سەبارەت بە دۆزی کوێت هەڵوێستێکی نێودەوڵەتی وەرگیرا , ئیدی لە ساڵی (١٩٩٠) دا سەرلەنوێ قەیرانێکی قورسی نێودەوڵەتی ناوچەکەی گرتەوە بەهۆی هێرشی عێراق بۆسەر کوێت [٩٠]، کە بە جەنگی دووەمی کەنداو ناوزەند کرا ، هاوپەیمانێتیەکی نێودەوڵەتی بە هاوبشی ٣٣ دەوڵەت پێکهێندرا بە سەرکردایەتی ئەمریکا، لەپێناوی سازدانی ئۆپراسیۆنێکی سەربازیدا [٩١] بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت [٩٢]، لە ئەنجامدا ڕەوش و بارودۆخی[٩٣] کوێت زۆر خراپ بوو [٩٤].

---

83 Orrin Schwab: Op. Cit, P. 7.
84 Partrick Tyler: Op. Cit, P. 362- 363.
85 Alastair Finlan: Op. Cit, P. VII.
86 Genin Milena: Op. Cit, P. 4.

٨٧ لە ڕۆژی شەمە (١٩٨٩/١٢/٣٠) دا هێڵی بۆریە نەوتەکانی عێراق کە بە خاکی سعودیەدا تێپەڕ دەبوو کرایەوە، ئەم بۆریە نەوتە بە خاکی سعودیەدا تێپەڕ دەبوو تا دەگەیشتە بەندەری (ینبع) کە لەسەر دەریای سور بوو.(ڕۆژنامەی هاوکاری: ژ. ١١٤٠، ٢ شەمە، ١٩٩٠/١/١).

٨٨ الجنرال ف ف بيترو سينكو: البيت الابيظ و اسرار المخابرات الامريكية ,تر : ماجد علاءدين ,دار الادهم , ط ١ ,١٩٨٦ ,ص ٩١

89 Peter W. Galbraith: The End of Iraq, London, 2007, P. 38

٩٠ دوای ئەوەی سەربازەکان لە جەنگی دووەمی کەنداو تەواو بوون و گەڕانەوەووڵاتی خۆیان ژمارەیەکی زۆریان بەهۆی بارودۆخی ناوچەکەوە دووچاری نەخۆشی درێژخایەن بونەوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:-( Institute Of Medicine (Of The National Academic), Gulf War and Health, Volume 5 Health Effect Of Serving In The Gulf War, Washington, 2007)

٩١ محمد بن صدام فايق بن طريف : الازمه الدوليه و طرائق ادارتها ,دراسة التحليلية لازمة للعلاقات العراقية□الامريكية ١٩٩٠-٢٠٠٣ ,بالاشراف استاذ دكتور عبدالقادر محمد فهمى الطائفى ,فى الكلية الاداب و العلوم ,قسم العلوم والسياسه فى الجامعة الشرق الاوسط , كانون الثانى ٢٠١٧ ، ص ٦١.

٩٢ التجارب النووية الفرنسية فى الجزائير: سلسلة الندوات (دراسات ,البحوث و الشهادات),المركز الدراسات و البحث , ط١ , الجزائير,٢٠٠٠, ص١٢.

٩٣ ئاوو هەوای کوێت پاك نەبوو ٢٩%ی سەربازە شەڕکەرەکان دووچاری نەخۆشی بون لە کوێت هەروەها شێوازی خەوو خواردن و تەندروستی هێزی هاوپەیمانان لە کوێت زۆر خراپ بوو , بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە institute of medicine (of the national academic) ,gulf war and health,volume 4 health effect of serving in the gulf war , Washington,2006)

94 Otto J. Lehrack, American's Bttalion, marines in the first Gulf War,2005,p25-77 .
Alastair Finlan: Op. Cit, P. VII.

سـەرکردەی سـەربازی ناوچەی کەنداو (جەنەڕاڵ کۆلن پاول) سـەرکردایەتی جەنگی کرد[٩٥]، هێزە سـەربازیەکانی ئۆپراسیۆنەکە بۆ دوو دەستە دابەش بوون:-

دەسـتەیەکیان:- بریتی بوو لە مانۆڕی قەڵغانی بیابان یان زرێی بیابان کە هێزەکانیان لە شـانشـینی عەرەبی سعودیەی لە ئامادە باشیدا بوون.

دەسـتەکەی دووەمی:- گەردەلولی بیابان پێکهاتبوو لە هێزێکی گەورەی سـەربازی و چوونە کوێت [٩٦]بۆ دەرکردنی سـوپای عێراق لە کوێت کە پێکهاتبوو لە نزیکەی ٥٠٠،٠٠٠ سـەربازی ئەمریکی و ٢٥٠،٠٠٠ سـەربازی هاوپەیمانان لەگەڵ چەندین تانکی (M.B.T.S) و سوپای هاوپەیمانان چەندین ئامرازی سەربازی نوێ و بەهێزیان لە دژی عێراق بەکارهێنا ل[٩٧]ەوانە ژمارەیەك فڕۆکە کە بەڕادار نەدۆزرێنەوە، بۆمبی زیرەك (ئاڕاسـتەکردنی بۆمبەکان بۆ جێگەی مەبەسـت بەهۆی بەکارهێنانی وێنەی ڤیدیۆییەوە جگە لەوەی ئەمریکا لەڕێی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەڵمەتێکی گەورەی دژی عێراق گرتبووە بەر [٩٨].

هێزەکانی عێراق لەماوەی مانەوەیان لە کوێت زیانێکی گەورەیان لە و وولاتە دا، عێراق زۆرینەی دام و دەزگاکانی کوێتی وێران کرد لەوانە (ناوەندی پەیوەندی، وێسـتگەی وزەی کارەبا و کارگەکان و ناوەندی پاڵاوتنی ئاو، پاڵاوگەی نەوت و فڕۆکەخانە) [٩٩]، عێراق لە ٢٦/شـوباتی/١٩٩١ دا کشـانەوەی هێزەکانی لە کوێت ڕاگەیاند بەڵام بەتەواوی لە ١٧/تەموزی/١٩٩١ دا هیچ هێزێکی لەنـاوچەکە و سـنورەکـانی کوێـت نەمـا [١٠٠]، کـاتێـك سـوپـای هـاوپەیمـانـان هێزەکانیعێراقیان لە کوێت وەدەرنا چەند بەشێکی گەورەی پیشەسازی سەربازی عێراقیان وێران کرد [١٠١]، ئەم جەنگە تەنها کاریگەری لەسـەر کوێت و عێراق دروسـت نەکرد بەڵکو کاریگەری لەسـەر هەموو ناوچەکانی دەوروبەری کەنداو دروستکرد، بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری هێزی سـەربازی بیانی لە ناوچەکە، ئەو هێزەی لە سعودیە بۆ ئامادەباشی دانرا نزیکەی (٥٠ ملیار) دۆلاری بۆ خەرجکرا[١٠٢]،

جگە لەو زیانە گەورەیەی دووچاری سـوپاکە و هەرێمەکە بوون [١٠٣] لە پاشـان بەپێی دەنگی زۆرینەی دەوڵەتەکانی جیهان پێداگری کرا لەسەر تۆمەتبارکردنی عێراق لە هێرشی بۆسەر کوێت و جەختیان لەسەر سەرکۆنە کردنی سەدام حسین کردەوە [١٠٤].

---

95 Alastair Finlan: Op. Cit, P. VII.

**٩٦** حمد بن محمد ال رشید: م. س، ص ١٤٢.

**٩٧** بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە میکانیزمی جەنگەکە بڕوانە:-

.(The Gulf War 1991, Essential Histories: p (17, 28, 36, 39, 40, 42, 46, 48, 50)

98 Alastair Finlan: Op. Cit, P. VI-VII

**٩٩** دصلاح عبدالرزاق : مشاریع ازالة التمیز الطائفی فی العراق مذکرة فیصل الی مجلس الحکم ١٩٣٢-٢٠٠٣ , منتدی المعارف , بیروت ,لبنان ,٢٠١٠ , ص ٩٧ .

100 Genin Milena: Op. Cit, P. 4.

101 Orrin Schwab: Op. Cit, P. 7.

**١٠٢** حمد بن محمدال رشید:م.ن,ص١٤٢.

**١٠٣** چەندین بابەت و توێژینەوە سەبارەت بە بارودۆخی سوپای هاوپەیمانان کراوە کە لە ئاکامی مانەوەیان لە کوێت لەکاتی جەنگی دووەمی کەنداودا بارودۆخی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە سەربازەکان و سوپای هاوپەیمانان چ بارودۆخێکی خراپیان هەبووە.

بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:-( Fall Out SheLters Human SpsRii )

**١٠٤** منصور عیاد العتیبی: قظیە الکویت (فی الجمعیة العلمة للامم المتحدة) ١٩٩٠- ٢٠٠١م، مرکز بحوث والدراسات الکویتیة، الکویت، ٢٠٠٩، ص ١٢.

بەڵام ئەمریکا تەنها دژی ئەو هێرشەی عێراق بۆسەر کوێت نەبوو، بەڵکو لەگەڵا سیاسەتی توندوتیژی سەدام حسین نەبوو. ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لەماوەی ساڵانی ١٩٩٠ و ١٩٩١ دا دوو بڕیاری هەرە گرنگی وەکو سزایەك بەرامبەر عێراق دەرکرد و ڕای وڵاتانی تری سەبارەت بە هێرشی عێراق بۆسەر کوێت وەرگرت، یەکێتی سۆڤیەتیش ڕای خۆی بە ئاشکرا ڕاگەیاند [105]. لە ٦ ئۆگەستی ١٩٩٠ دا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری (٦٦١)ی وەکو سزایەکی گشتی بەسەر کەلو پەلی هاوردە و هەناردەکراوی عێراقدا سەپاند, بێجگە لە خواردن و پێویستی تەندروستی . ڕاوبۆچوونی وڵاتان دژی هێرشە دوژمنکاریەکی عێراق لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە تۆمارکرا (پشتگیری سزاکەیان کرد لەوانە (وڵاتانی ئەندام لە ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو (ئیمارات، بەحرەین، قەتەر، عومان، سعودیە)، کۆمەڵەی دەوڵەتە عەرەبیەکان (ئەردەن، تونس، ...)، کۆمەڵەی وڵاتە ئاسیاییەکان (ئەفغانستان، ئێران، ...)،کۆمەڵەیدەوڵەتە ئەفریقیەکان، کۆمەڵەیدەوڵەتە ئەوروپیەکانی ڕۆژئاوا، کۆمەڵەیدەوڵەتە ئەوروپیەکانی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵەیدەوڵەتەکانی ئەمریکای لاتین و کاریبی، یەکێتی سۆڤیەت...). یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت بە هێرشی عێراق بۆسەر کوێت لە خولی (٢٥)ی ساڵی ١٩٩٠ دا ڕایگەیاند:-

((لەو پێنج شەمە ڕەشەدا عێراق زۆر ئاشکرا و بێشەرمانە بەڵێننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و پێودانگەکانی ڕەوشت و ڕێکارە شارستانیەکانی پێشێل کرد، عێراق کارێکی دوژمنکارانەی ئەنجام داوە، دەستی بەسەر دەوڵەتێکی دراوسێی خاوەن سەروەریدا گرتووە و دەستی بەسەر هەزاران بارمتەدا گرتووە)) [106], هەروەها یەکێتی سۆڤیەت ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی ئارەزوومەندە جارێکی دیکە داوا لە سەرکردەکانی عێراق بکات کە بیرکردنەوەکەیان بگۆڕن و هەڵوێستێکی بەرپرسانە و مرۆڤانە بگرنە بەر بەوپێیەی لەگەڵ ئێمەدا هاوڕێیەکی دێرینن , یەکێتی سۆڤیەت ستایشی بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد سەبارەت بەو هەڵوێستەی بەرامبەر کارە دوژمنکاریەکەی کە عێراق کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشی خستۆتە مەترسیەوە [107] .

هەروەها لە ٣ی ئەیلولی/١٩٩١ دا ئەنجومەنی ئاسایشبڕیاری ٦٨٧ی دەرکرد، بەپێی ئەم بڕیارە پێویستە عێراق چەکە کۆکوژەکانی لەناوبات و قەرەبووی زیان لێکەوتوانی و هەڵمەتە داگیرکەریەکەی بکات ، بۆ هەرکەس و کۆمپانیا و ئەو دەوڵەتانەی زیانیان بەرکەوتووە ، هەروەها دەبێت هاوکاری ڕێکخراوی خاچی سوری نێودەوڵەتی بکات لە مەسەلەی ئازادکردنی دیلەکان و بەندکراوەکان بەهاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵا لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سور، هەروەها پێویستە عێراق ڕێز لە سەربەخۆیی و سەروەری دەوڵەتی کوێت بگرێت، و هاریکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بکات لە دیاریکردنی سنوری نێوان عێراق و کوێت و گەڕانەوەی هەموو ئەو شمەکانەی کە لە کوێت بران لەماوەی داگیرکردنیدا , یەکێتی سۆڤیەتیش لە خولی ٤٦ی ساڵی ١٩٩١ دا پشتگیری ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد، ئێدوارد شیفر نادزەی وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت سەبارەت بە بڕیاری(٦٨٧) ڕەزامەندی نیشاندا و واژۆی لەسەر کرد و هەروەها ووتی ((ئەم بڕیارەی ئەمڕۆ بڕیارێکی ئاسان نیە لای یەکێتی سۆڤیەت، هەمووان ئاگاداری ئەو پەیوەندیە دوور و درێژەن کە لەگەڵ عێراقدا هەمان بووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەوەی پاڵی بەئێمەوە نا بۆئەو بڕیارە، ئایندەی ملیۆنەها عێراقیە لەناوچەکەدا، سەرباری ئەو ڕایەمان بۆ ئەو جیهانەی کە هەمووان لەسەری دەژین)) [108].

105 Hearing: Persian Galf (the Question of war times, committee on foreign Relations, U.S.A, April, 1991, (Document collection, Sep 26/1991), p. 45- 46.

١٠٦ منصور عياد العتيبي: م. س، ص ٩،١٢

١٠٧ م. ن، ص ٣٣٩،١٢،٩

١٠٨ بشار فتحي: م. س، ص ٣٥٦.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

هەروەها ستایشی ئەو هەڵوێستانەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش کرد کە سەبارەت بەو بیرۆکەی کە هەر پێشێل کردنێکی ئاشتی بابەتێکی قبوڵ نەکراوە، پشتگیری خۆی نیشاندا بۆ چارەسەری کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مەسەلەی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژی [١٠٩], هەر لە سەرەتاشەوە یەکێتی سۆڤیەتپشتگیری بڕیاری (٦٦٥)ی ئەنجومەنی ئاسایشی کرد بوو[١١٠] , بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت [١١١],واتە یەکێتی سۆڤیەت پشتگیری بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی دژ بە عێراقی کرد , کە پێکهاتبوون لە بڕیارەکانی(٦٦١ ی ١٩٩٠/٨/٦، ٦٦٥ ی ١٩٩٠/٨/٢٧، ٦٨٧ ی ١٩٩١/٤/٣) , لە ئاکامدا عێراق بۆماوەی ١٢ ساڵ گەمارۆی خرایە سەر[١١٢] ، لەماوەی ساڵی (١٩٩١- ٢٠٠٣) دا عێراق بە دەوڵەتێکی مەترسیدار بۆسەر ئاسایشی ناوچەی کەنداو [١١٣]، و ڕۆژهەڵات لە قەڵەمدا [١١٤]. ئەم ڕەوش و بارودۆخەی لەناوچەکەدا دروست بوو لە بەرژەوەندی ئەمریکادا بوو، ئیتر دەستێوەردانەکان لە وڵاتانی کەنداو زیاتر بوو، لەدوای ساڵی (١٩٩١)ەوە ئەمریکا بڕیاریدا لەڕووی تەکنەلۆژیاوە ستراتیژیەتی بەرگریکردن لەناوچەکە بنیات بنێتەوە. جۆزرف جاریتی سێیەم دەڵێت ((هاریکاری نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی نێو ئەنجومەنی هاریکاری کەنداوی عەرەب لەبواری پلانی بەرگری هەوایی و موشەکی .... بۆ بەرگریکردن لە بڵاوبوونەوەی چەکی کۆکوژی و پلانی ئاسایشی سیاسی))[١١٥] .

واتە ئەمریکا مەبەستی بوو وڵاتانی دەوروبەری کەنداو بەرژەوەندیە ئابووریەکانی ناوچەکە بپارێزێت و بەرگریان لێبکات بەرامبەر ئەگەری ئەو هێرشانەی کە بە چەکی نوێ بەرەو ڕووی ناوچەکە ببێتەوە , واتە ئەمریکا وەکو هێزێکی بەرگریکاری ڕاستەوخۆ لە ناوچەکانی کەنداو دەرکەوت لەڕێی بەکارهێنانی زۆرترین تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی سەربازی و چەکی نوێ بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوچەکە [١١٦],سۆڤیەتیش لە هێزێکی جیهانیەوە بووە هێزێکی کیشوەری[١١٧].

١٠٩ منصور عياد العتيبى: م. س، ص ٣٩٩.

١١٠ قاسى فوزية: الاستراتيجية الامريكية لمكافحة الارهاب، منطق الاسنة فى ساحل الافريقية، بإشراف نصرالدين، شهاده ماجستير فى العلوم والسياسه، ٢٠١٢- ٢٠١٣، ص ٩١.

١١١ لە ٢٧/ئابی/١٩٩٠ دا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە بڕیاری (٦٦٥) دەرکرا، لەپێناوی بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت.(م. ن، ص ٩١).

١١٢ حمد بن محمد ال رشيد: م. س، ص ١٥٣.

١١٣ ئەمریکا ئاماژەی بەوە کردبوو کەوا عێراق لە ناوەندی ساڵانی حەفتاکانەوە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی کیمیایی دابوو.( Nathonel Hard: U.S Diplomatic and Commercial Relations with Iraq, 1980- 2, August, 1990).

١١٤ منصور عياد العتيبى: م. س، ص ١٢

١١٥ حمد بن محمد ال رشيد: م. س، ص١٨٢

١١٦ م.ن ,ص ١٨٣.

117 Geoffrey Roberts: op. Cit, p. 64.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**لیستی سەرچاوە:**

**یەکەم :نامەکان**

**نامەی دکتۆرا**

١-حمد بن محمد الرشيد :السياسة الخارجية السعودية والامن فى المنطقه الخليج ,باشراف د.عامر مصباح( كلية العلوم السياسة والاعلام ) , قسم العلوم والسياسة و العلاقات الدولية , ٢٠١١- ٢٠١٢ .

**نامەی ماستەر:**

١-قاسى فوزية : الاستراتيجية الامريكية لمكافحة الارهاب , باشراف نصرالدين ,رسالة ماجستير فى قسم العلوم و السياسة , ٢٠١٢-٢٠١٣.

٢- محمد بن صدام فايق بن طريف : الازمه الدوليه و طرائق ادارتها ,دراسه التحليلية لازمة للعلاقات العراقية الامريكية ١٩٩٠-٢٠٠٣ ,بالاشراف استاذ دكتور عبدالقادر محمد فهمى الطائفى ,فى الكلية الاداب و العلوم ,قسم العلوم والسياسة فى الجامعة الشرق الاوسط , كانوون الثانى ٢٠١٧ .

**دووەم :کتێب**

**١-عەرەبی:**

١-ف.ف. بيتروسينكو :البيت الابيض و اسرار المخابرات الامريكية ,تر : ماجد علاودين ,دار الادهم , ط ١ ,١٩٨٦ .

٢-بشار فتحى جاسم : الموقف الروسى من الظغوط الامريكية على العراق ١٩٩١-٢٠٠٣,مركز الدراسات الاقليمية , جامعة موصل ,العراق .

٣-تجارب النووية الفرنسية فى الجزائير : سلسلة الندوات (دراسات ,البحوث و الشهادات ),المركز الدراسات و البحث , ط١ , الجزائير,٢٠٠٠.

٤- رظا هلال : صراع كويت ,مسالة لامن و الثورة , سينا للنشر , بيروت , لبنان , ١٩٩١ .

٥-رغيد صلح : حربا بريطانيا و العراق (١٩٤١-١٩٩١) ,شركة المطبوعات للتوزيع و النشر , ط٢ , بيروت , لبنان , ١٩٩٧ .

٦- منصور عياد العتيبى : قظية الكويت (فى الجمعيةالعلمية للامم المتحدة)
( ١٩٩٠ -٢٠٠١ ) , مركز بحوث الدراسات الكويتية , كويت , ٢٠٠٩ .

٧- دصلاح عبدالرزاق : مشاريع ازالة التميز الطائفى فى العراق مذكرة فيصل الى مجلس الحكم ١٩٣٢-٢٠٠٣ , منتدى المعارف , بيروت ,لبنان ,٢٠١٠.

**٢- ئینگلیزی :**

-١ Ashlim Anlar: Russian foreing policy toward Rraq in the post –cold war ,april ,2006
-٢Geoffry Roberts: The soviet union in world politics , coexistence, revolution ,and cold war ,1945-1991,new York,1999.
-٣Ross Georgy : Cold war America 1946 to 1990 ,U.S.A,2005.
-٤national intelligence estamte : soviet policy toward eastern Europe under gorbachev , max , 1988.
-٥f.stephen larra bee : the new soviet aprroach to Europe , a.p.s ,5/1/2012.
-٦francis fakuyama : gorbachev and the new soviet agenda in the third world , u.s.a , june , 1989.
-٧Stephen blank:Russia an the gulf.
-٨John Swift : The palagve concise historical atlasian the cold war.
-٩the national archives : maps in time from 1900-2003 , u.k.
-١٠Atalastair Finlan : The gule war 1991 ,U.S.A ,2005.
-١١richard miller :political history , este bon buch,u.s.a,1992.

-١٢mathew j. ouimet :the rise and fall of Brezhnev doctrine soviet foreign policy , u.s.a, 2003.
-١٣davis centre staff (fas.harvard.edu):the warso pact(1955-1991) , treaty of friend ship , coopera tion and mutual assistance , u.s.a ,11/12/2009.
-١٤pauline jones luong :institutional change and political continuity in post – soviet central asia ,power ,perceptions and pact ,combrdge university ,2002.
-١٥amdreg kreutz: Syria : Russians best asset in the middle east , Russia / nis center , November , 2010.
-١٦Rashid Khalid :sawing grisi ,the cold war and American dominance in the middle east , u.s.t , 1992.
-١٧galan:gorbachevs difficult time in the gulf ,aps, 3/11/2009.
-١٨thomas r. mokaitis : the Iraq war encyclopedia , oxford , England , 2013.
-١٩genin milena,simeoni maric,the gulf war,Nework,2015 .
-٢٠Orrin Schwab,The gulf wars and the united states,shaping the twenty first century,London,2009.
-٢١Bob Bongers:Irans foreign policy towards post invasion Iraq.
-٢٢Michael R.Fissbach biographical encyclopedia of the modern middle east,north afarica,volume2,florida,2008 .
-٢٣Peter W.Galbbriath:the end of Iraq,London,2007.
-٢٤Instiute of medicine (of the National Academic),gulf war and health,volume 5 health effect of serving in the gulf war washington,2007.
-٢٥Instiute of medicine (of the National Acadimic),gulf war and health,volume 4 health effect of serving in the gulf war Washington,2006.
-٢٦Otto J.Lehrack,Americans battalion, marines in the first gulf war,2005.
-٢٧the gulf war 1991,essential histories.
-٢٨Fall out she letters human SPSRII.
-٢٩Hearing:Persian galf the question of war time,comitte on foreign relation,U.S.A,April,1991(Document Collection,Sep 26/1991(
-٣٠Nathonel Hard:U.S diplomatic and commercial reations with Iraq, 198-2,August,1990.
-٣١UTZ P.Toepke:the European economic community Aprofile,north western journal of international law business,1981.
-٣٢European parliament the historical development of European integration,fact sheets on the European union,EN-18-6-2018.
-٣٣Andreg Kreutz:Syria :Russias best asset in the middlest, Russians centre, November 2010.
-٣٤patrick tyler :a world of trouble (the white house and middle east –from the cold war to the war on terror) ,new York , 2009.
Thomas R. Mockaitis: The Iraq War Encyclopedia, Oxford, England, 2013. 35-

**سێیەم: ڕۆژنامەکان**

١-ڕۆژنامەی هاوکاری :

١- ژ.( ١٠٥٢ ) , ٢ شەمە , ٢٠ / ٢ / ١٩٨٩

٢- ژ.( ١٠٨٣ ) , ٢ شەمە , ١٢ / ٦ /١٩٨٩

٣- ژ.( ١٠٨٩ ) , ٢ شەمە , ٢ / ٧ / ١٩٨٩

٤- ژ.( ١٠٩٧ ) , ٥ شەمە , ٣ / ٨ / ١٩٨٩

٥- ژ.( ) , ٢ شەمە , ٣٠ / ١٠ / ١٩٨٩

٦- ژ.(١٠٣٧ ) , ٥شەمە , ٢ / ١٢ / ١٩٨٩

٧- ژ.( ١١٤٠ ) , ٢ شەمە , ١ / ١ /١٩٩٠

٨- ژ.( ١١٥٠ ) , ٢ شەمە , ٥ / ٢ / ١٩٩٠